مەڵێ: (علیک السلام)، چونکە (علیک السلام) -شێوەی- (سەلامکردنە لە مردووەکان، بڵێ: (السلام علیک

لە جابری کوڕی سولەیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکم بینی خەڵکی شوێنی ڕای ئەو دەکەوتن، هەرشتێکی بووتایە شوێنی دەکەوتن، ووتم: ئەوە کێیە؟ ووتیان: پێغەمبەری خودایە -صلی الله علیه وسلم-. ووتم: (علیک السلام، ئەی پێغەمبەری خودا) دوو جار، فەرمووی: «مەڵێ: (علیک السلام)، چونکە (علیک السلام) -شێوەی- سەلامکردنە لە مردووەکان، بڵێ: (السلام علیک)»، ووتم: تۆ پێغەمبەری خودایت؟ فەرمووی: «من پێغەمبەری خودام، ئەو خودایەی ئەگەر تووشی زیانێک بووبێت؛ وداوای لێبکەیت زیانەکەت لەسەر لادەدات، وئەگەر تووشی وشکەساڵی بووبێت؛ داوای لێبکەیت (هۆکار دروستدەکات بۆئەوەی) ڕووەک بڕوێت (خۆراک بۆ تۆ بەرهەم بێت)، وئەگەر لە شوێنێکدا بووبێت هیچ ئاو وخەڵکی لێنەبوو وئاژەڵەکەت ون بوو؛ داوای لێبکەت ئەوا بۆتی دەگەڕێنێتەوە»، ووتم: ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی: «هەرگیز جوێن بە کەس مەدە»، ووتی: لە پاش ئەوە هەرگیز جوێنم بە کەس نەدەدا، نە ئازادێک، نە کۆیلەیەک، نە وشترێک، نە پەزێک، «هیچ کردەوەیەکی چاک بە کەم مەزانە، وبە ڕووبەکی خۆشەوە قسە لەگەڵ براکەت بکە، ئەمە لە چاکەکارییە، وجلەکانت (جلی نیوەی خوارەوەی لاشە یان هەر جلێک بێت) لە نیوەی ساقتدا بێت (لە نێوان ئەژنۆ وقولەپێکان بێت)، ئەگەر نا با هەتاوەکو قولەپێکان بێت، ئاگاداری شۆڕکردنەوەی جلەکان بە، چونکە ئەمە لە شانازی کردنە، وخوای گەورە حەزی لەم شانازی کردنە نییە، وئەگەر کەسێک جوێنی پێدایت وعەیبەی لێگرتیت بەو شتەی دەیزانێت سەبارەت بە تۆ؛ ئەوا تۆ عەیبەی لێمەگرە بەو شتەی دەیزانیت سەبارەت بە ئەو، بەڕاستی ئەنجامی خراپەی ئەو قسەیە هەر بۆ خۆی دەبێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

جابری کوڕی سولەیم -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکم بینی خەڵکی شوێنی قسەکانی ئەو دەکەوتن، هەرشتێکیان پێبڵێت جێبەجێی دەکەن، پێیانم ووت: ئەوە کێیە؟ ووتیان: ئەوە پێغەمبەری خودایە، ووتم: (علیک السلام) ئەی پێغەمبەری خودا، ئەویش -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: مەڵێ (علیک السلام) چونکە ئەوە سڵاو کردنی مردووەکانە، بەڵام بڵێ: (السلام علیک)، ووتم: تۆ پێغەمبەری خودایت؟ فەرمووی: (بەڵێ، من پێغەمبەری خودام، ئەو خودایەی ئەگەر تووشی هەژاری وزیانێک بووبێت؛ وداوای لێبکەیت ولێی بپارێتەوە بۆئەوەی زیانەکەت لەسەر بدات؛ ئەوا لای دەدات، وئەگەر تووشی وشکەساڵی بووبێت وخاک هیچی بەرهەم نەهێنا؛ داوای لێبکەیت (هۆکار دروستدەکات بۆئەوەی) ڕووەک بڕوێت (خۆراک بۆ تۆ بەرهەم بێت)، وئەگەر لە شوێنێکدا بووبێت هیچ ئاو وخەڵکی لێنەبوو وئاژەڵەکەت ون بوو؛ داوای لێبکەت ئەوا بۆتی دەگەڕێنێتەوە، پێیم ووت: ئامۆژگاریم بکە بە شتێک کە سوودی بۆ من هەبێت، فەرمووی: (هەرگیز جوێن بە کەس مەدە)، ووتی: لە پاش ئەوە هەرگیز جوێنم بە کەس نەدەدا، نە ئازادێک، نە کۆیلەیەک، نە وشترێک، نە پەزێک، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: هیچ کردەوەیەکی چاک بە کەم وبچووک مەزانە، وبە ڕووبەکی خۆشەوە قسە لەگەڵ براکەت بکە وهەرگیز بە کەمی مەزانە؛ ئەمە لە چاکەکارییە، وجلەکانت (جلی نیوەی خوارەوەی لاشە یان هەر جلێک بێت) لە نیوەی ساقتدا بێت (لە نێوان ئەژنۆ وقولەپێکان بێت)، ئەگەر نا با هەتاوەکو قولەپێکان بێت، ئاگاداری شۆڕکردنەوەی جلەکان بە، چونکە ئەمە لە خۆبەگەورەزانین وشانازی کردن و سەرسام بوونە بە خۆت وخودا ئەمەی خۆشناوێت، وئەگەر کەسێک جوێنی پێدایت وعەیبەی لێگرتیت بەو شتەی دەیزانێت سەبارەت بە تۆ لە تاوان وکردەوە ناشیرینەکان؛ ئەوا تۆ عەیبەی لێمەگرە بەو شتەی دەیزانیت سەبارەت بە ئەو، بەڕاستی ئەنجامی خراپە ئەو قسەیە هەر بۆ خۆی دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا ولەوەیە سزایشی وەربگرێت لە دونیادا.